## هونەرمەند عەلی ئەحمەد:

# لەخۆم رادەبینم جوانتر و خۆشتریش (هەبوو نەبوو) دووبارە بکەمەوە

دیمانە: بەهرە سدیق

**ئایا ئێستا دەتوانین (هەبوونەبوو) دووبارە بکەینەوە؟**

-دەربارەی خۆم وەك هونەرمەندێك کەوا رۆڵێکی سەرەکیم دیتوە لەو درامایە و بۆتە جێی رەزامەندی زۆربەی خەڵکی کوردستان کە بینیویانە، لەخۆم رادەبینم کە بەشێوەیەکی جوانتر و خۆشتریش دووبارەی بکەمەوە، لەبەر ئەوەی لەوانەیە بتوانم زۆر شتی تریشی لەسەر زیادبکەم کە لەگەڵ گۆڕانکاری ئەم سەردەمە بگونجێ، هەست دەکەم ئەو توانایەم هەیە.

*** ئێستا تواناکان لەهەموو لایەکەوە زۆرترن، بۆچی دراما هەمان تامی جارانی نەماوە؟**

- (لکل زمان دولە ورجال)لەو کاتە مەسەلەی تموحی پارەو حزبایەتی و ئەو شتانە نەبوو، تەنیا یەك ئامانج هەبوو ئەویش مەسەلەی کوردستان و رۆشنبیری کورد و هونەری کورد بوو، ئەو هەموو هونەرمەندە لەگەڵ یەك ئیشیان دەکرد، راستە هەریەکە بیروڕایەکی هەبوو، بەڵام ئامانجی سەرەکیان بریتی بوو لە خزمەتکردنی وڵاتەکەی لەرێگەی هونەرەوە لەبەر ئەوەی بەو پەڕی خۆشەویستی و دڵسۆزییەوە خزمەتیان دەکرد بێ ئەوەی هەست بە ماندووبوون، ئێمە مەبەستمان پێش هەموو شتێك ئەوە بوو بتوانین خزمەتی نەتەوەکەمان بکەین و کەلتوور و رۆشنبیری نەتەوەکەمان بکەین، چونکە ئەو کاتی زۆر هەستیار بوو ئێمەی هونەرمەندیش هەستمان بەوە کردبوو کە رژێم بەهەموو شێوەیەك دەیویست کەلتوور و مێژووەکەمان لەناو ببات لەبەر ئەوە ئێمەش وەك هونەرمەند و رۆشنبیران هەستمان بەو مەترسییە کردبوو، بۆیە بەهەموو هێزێکەوە بەربەرەکانی ئەو بارودۆخەمان دەکرد و بەهەموو شێوەیەك دەبوایە بەردەوام بین.

***دەتوانین بڵێین هۆکاری سستی دراما بەشێکی بۆ بینەر دەگەڕێتەوە؟**

- نەخێر بینەر کڕیارە پێوەندی بەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بەوە هەیە شتێکی باش ببینێ و بیکڕێ، هەر بەخۆشی ئەو شتە هەڵدەسەنگێنێ ئایا شایستەی ئەوەیە بیکڕم، لەبەر ئەوە ئێستا بەڕاستی واهەست دەکەن ئەو شتانەی کە دێن بیبینن لەئاستی ویست و داخوازی ئەوان نییە، ئەمڕۆ بینەر وەك جاران نەماوە ئێستا دەتوانێ بەنیو سەعات هەموو هەواڵێکی سیاسی و کەلتووری و رۆشنبیری هەموو دنیا بزانێت، کەواتە پێویستە هونەرەکەت لەو ئاستە بێ کە ئەو کابرایە



**هونەرمەند عەلی ئەحمەد یەکێکە لە هونەرمەندە پڕ ئەزموون و شارەزایانەی کورد کە تەمەنێکی زۆری لە بواری نواندن بەسەر بردووە لە فیلم و شانۆ و دراما، هەر کەسێك حیکایەت خوانەکەی (هەبوو نەبوو)ی بینیبێ، درك بە شارەزایی و توانای ئەم هونەرمەندە دەکات کە چۆن وەك خۆی رۆڵەکە گوزارشت دەکات و وێنەیەکی راستەقینە نیشانی بینەر بدات، هونەرمەند عەلی ئەحمەد بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**



دەبیبینێ و لە ئاستی هەست و بیری بێت.

*** ئەکتەرانی ئێستا چ جیاوازیەکیان هەیە لەگەڵ سەردەمی حەفتاو هەشتاکان؟**

- جیاوازیەکی زۆری هەیە، بەداخەوە ئەو قسەیە دەکەم، بەڵام ئەکتەری ئێستا لەبواری کەلتووری لاوازە زۆر مەسەلەی کەلتووری هەیە هیچی لێ نازانێ، بەڵام پێشتر ئێمە بە ئەکتەرمان دەوت ئەوە (کامله) واتە لەهەموو دابونەریتێکی گوند و شاری دەزانی وەك تازیەو بووك گواستنەوە، دوورنە، ساوار کووتین بەگشتی دابونەریتی کوردەواری زۆر گرنگە بیزانی، خۆم دەکەم بە نموونە لە تەلەفزیۆنی کەرکوك درامایەکمان پێشکەش دەکرد بەناوی (هەور و ساماڵ) من رۆڵی سەرۆك دادگام هەبوو چووم بۆ دادگا تا سەرۆك ببینم کە چۆن هەڵسوکەوت دەکات، بۆیە پێویستمان بەوەیە پێش هەموو شتێك خۆمان بناسین، چونکە ئەگەر مرۆڤ خۆی نەناسێ هیچ کەس ناناسێ ئەگەر ملیۆن کتێبیش بخوێنێتەوە، بۆیە ئەگەر من ئەکتەر بم پێویستە بەشێك لە مێژوو و کەلتووری نەتەوەکەم بزانم، چونکە هەر شتێك بناغەی نەبێ ناتوانێ دروستی بکەی.

*** ئایا ئەکتەرە لاوەکان خۆشەویستیان بۆ کارەکەیان وەك ئێوەیە؟**

- نالێم خۆشەویستیان نییە، بەڵام بەو جۆرە خۆشیان دەوێ کە خۆیان بیری لێ دەکەنەوە، واتە لە روانگەی خۆیانەوە، من کە کارێك دەکەم بیر لەوە دەکەمەوە چەند خزمەتی نەتەوەکەم دەکا و چی پێشکەش دەکەم بۆ خەڵك، نەك ئەو کارە تاچەند خزمەتی خۆم دەکا وەك مێژوو، لەبەر ئەوە جیاوازیەکەمان بەو شێوەیە.

***ژیانی تایبەتی خۆت چ کاریگەریەکی بەسەر کارە هونەریەکانتەوە هەبوو؟**

- ژیانی خۆم تەرخان کردووە بۆ هونەر، کە کارێکی هونەری دەکەم هەموو ژیانی تایبەتی خۆم رادەگرم، چونکە کارە هونەریەکە لام گرنگترە.

***راستە دەڵێن تا ئێستا خانوو یان زەویت وەرنەگرتووە؟**

-تاکو ئێستا وەرم نەگرتبوو، بەڵام ئێستا زۆر بەسوپاسەوە کاك نەوزاد هادی پارچە زەویەکی پێدام، بۆیە خۆم بەقەرزاری دەزانم، هەردەم کە سەردانی دەکەم دەرگام بۆ والایە و رێزی هونەر دەگرێ و خزمەتی هونەرمەندان دەکات و پێداویستیان زۆر دابین دەکات.

*** چیت ماوە بیڵێی؟**

- هەردەم دوعا دەکەم کەخوای گەورە نەتەوەکەم لە هەموو نەهامەتی و نەگبەتیەك بپارێزێ و هەردەم هونەرمەندان ئەوە بێننە پێش چاویان کە هونەر پێشکەش نەکەین بۆ حەزی خۆمان، بەڵکو بەو شێوەیە بێ و بەجیهانی بناسێنین بۆ ئەوەی خۆمان شانازی پێوە بکەین و بیکەین بە پێناسەیەکی راستەقینەی نەتەوەکەمان.



# ناسر ڕەزازی:

## گۆرانیبێژ شێوە و ڕواڵەتی جوان بێ ئەوە بۆ خۆی شانسێکە

مامۆستا ناسر ڕەزازی کە زۆربەی تەمەنی خۆی لە بواری هونەردا و بەسەر بردووە و شارەزاییەکی زۆری لەو بوارەدا هەیە، دەربارەی ئەزموون و کارە هونەرییەکانی هونەرمەند زەکەریا مامۆستا ناسر دەڵێ: «زەکەریا ژەنیارە و ژەنیارێکی باشە و ماوەیەک لەتەک مندا کاری کردووە، شارەزای مۆسیقایە، کوڕێکی قسەخۆشە، ئەو کارانەی کە زەکەریا کردوویەتی، گەنجی ئەمڕۆ گوێی بۆ ڕادەگرێ. گرنگ نییە چی بێ، هەرشتێک بێ گوێی بۆ رادەگرێ بە مەرجێ هونەرەکە نزیك بێ لەو مۆسیقایەی کە نزیکە لە کارەکانی ئەو گۆرانیبێژانەی کارەکانیان بە ریتم و باس تۆمار دەکەن لە وڵاتانی پێشکەوتوو، شتێکی دیکە هەیە ئەگەر گۆرانیبێژەکە شێوە و ڕواڵەتی جوان بێ وەکو زەکەریا ئەوەش بۆ خۆی شانسێکە.

سەبارەت بە ڕەوشی هونەری لەکوردستان ڕەزازی وتی «گۆرانیی کوردی تەنیا مەقامە و هەڵپەڕکێ و گۆرانیی سەنگین، کورد گۆرانیی ڕۆمانسیی کەمە، لە شێوازەکانی دیکەشدا وەکو راپ و ڕۆک و تێکنۆ و بلووز و هیدیکەشدا لاوازە، مۆسیقای کوردیی لە فۆلکلۆردا دەوڵەمەندە، بەڵام لە ریتم و باس و ئاکۆردا هەژارە و هەم گۆرانیبێژەکان و هەم ژەنیارەکانیش تێ نەکۆشاون ئەو مۆسیقایە بێننە ناو مۆسیقای کوردی و شتی تازە بخولقێنن، لە کاتێکدا مۆسیقای کوردی بۆ ئەوە دەشێت کە لەتەک مۆسیقای یۆنانیی و ئیتالیی و ئیسپانیی و هیدیکەدا تێکەڵ بکرێ، مۆسیقای کوردیی گۆرانیی ریتمیکی زۆرە، بەڵام بەو شێوازانە دەوڵەمەند نەکراوە، مۆسیقاش پارەی دەوێ و دەردی هەرە گەورەش ئەوەیە کە مۆسیقای کوردی یان باشتر بڵێم (سی دی) مۆسیقای کوردی نافرۆشرێ و ناڕوا بە باشیی، چونکە ئەوەندە فارسیی و عەرەبیی و تورکیی برۆی هەیە مۆسیقای کوردی نییەتی، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە گۆرانیبێژ و ژەنیاری کورد بێ پشتیوان بن و بەرهەمەکانیان نەڕوا و بمێنێتەوە.



## ریهانا خێزانێکی نوێی بۆ پەیدا بوو

ڕۆژنامەی (سەن)ی بەریتانی ئاشکرای کرد کە خێزانێکی دۆزیوەتە پێکهاتووە لە برایەك و دوو خوشك لە دوورگەی باربادۆس دەژین و خوشك برای کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی (ریهانا)ن.

ریهانا کە بە رەچەڵەك خەڵکی باربادۆسە پێش ئەم خوشك و برایانە دوو برای دیکەی هەبوو کە لە خۆی بچووکترن، کەچی ئەم سێ خوشك و برایە لە خۆی گەورەترن، بەڵام تەنیا لە باوکە خوشك و بران و دایکیان جیاوازە، ڕۆژنامەی (سەن) چەند وێنەیەکی ریهانای بڵاو کردەوە لەگەڵ ئەم خوشك و برایانە و یەکێك لەو وێنانە بۆ ئەو کات دەگەڕێتەوە کە ریهانا تەمەنی هێشتا ١٥ ساڵ بوو کاتێك بۆ یەکەم جار (کاندی)ی خوشکە گەورەکەی خۆی بینی.



## خانەوادەکەم هەمیشە پشتگیرییان لێکردووم

گولێ یەکێکە لە ئافرەتە هونەرمەندە دەنگخۆشەکانی باکووری کوردستان کە بە دەنگەکەی هونەری ڕەسەنی کوردی زیندوو دەکاتەوە و خزمەتێك بەو هونەرە دەکات، گولێ لە هەرێمی سەرحەد لە دایکبووە و ئێستا لە ئەورووپا نیشتەجێیە، دەربارەی ئەو ئاستەنگانەی دووچاری ئافرەتانی کورد دەبنەوە کاتێك روو لە بواری هونەری دەکات دەڵێ: سوپاس بۆ خوا سەرەڕای ئەوەی هەرێمی سەرحەد تا رادەیەك کۆمەڵگەیەکی داخراو و کۆنسەرڤاتیزمە، بەڵام ماڵباتی ئێمە ڕووناکبیر و پێشەنگ و خۆشبین بوون و زۆریان لا ئاسایی بوو کە گۆرانی بڵێم، ئەوەش بۆ من شانس بوو کە ڕێگەیان لێ نەگرتم و هەمیشە پشتگیریان لێی دەکردم. بۆیە دەبێت هونەرمەندی ژن هەمیشە هەوڵ بدات بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی داخراو، سەبارەت بەوەی جگە لە کاری هونەری چ کارێکی تر دەکات دەڵێ: جگە لە گۆرانی و موزیك لە بەرلین بە هونەری دەستی خەریکم و مامۆستایی کورۆیی منداڵانم.

**ئا: هەژار زەنگەنە**



# لۆفاتۆ گرفتی خواردنی هەیە

کچە ئەکتەری ئەمریکی دیمی لۆفاتۆ رایگەیاند کەوا تووشی هەندێك گرفت هاتووتەوە لە خواردن و بەو هۆیەشەوە ناچار بوو لە بنکەیەکی تەندروستی بمێنێتەوە.

لۆفاتۆ کە بە رۆڵ بینین لە فیلمەکانی دیزنی بەناوبانگە بە گۆڤاری (سیڤنتین)ی ئەمریکی راگەیاند کەوا بە درێژایی تەمەنی بە نالەباری خواردن و حەز نەکردنی بە خواردنەوە دەناڵێنێت، بۆیە هیچ رۆژێك نییە کە من بیر لە لەشم و خۆراکم نەکەمەوە، بەڵام ناچار بووم خۆم لەگەڵ ئەو بارودۆخە رابهێنم، چونکە هەمیشە هەست بەوە دەکەم کە پێویستە واز لە ژەمی ئێوارە بهێنم و ئەم گرفتە بۆتە نەخۆشییەکی درێژخایەن لەلای من و پێموایە تا لە ژیان مابم ئەم گرفتەم هەر دەمێنێت، لۆفاتۆ ڕووی لە کچان کرد و وتی: لەشی خۆتان ئەزیەت مەدەن و زۆر پارێزگاری لێ بکەن، بۆیە مەشقی زۆر قورس ئەنجام مەدەن و خۆتان مەخەنە مەترسییەوە و ئەگەر گرفتیشتان هەبوو ڕوو لە دایك و باوکتان بکەن بۆ چارەسەرکردنی.

# سەردار: هاوسەرێتی خۆشەویستی دەکوژێت



ئەنجین ئاڵتانی ئەکتەری تورکی کە رۆڵی دکتۆر سەردار دەبینێت لە زنجیرە درامای (نارین) پێیوایە کە هاوسەرێتی هۆکارێکە بۆ کوشتنی خۆشەویستی بۆیە پیرۆزبایی لەو کەسانە دەکەم بەردەوامن لە ژیانی هاوسەرێتی.


(سەردار) لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: ئافرەتانی ئەم سەردەمە وەك سەردەمی دایکانمان نین، ئێستا جیابوونەوە و تەڵاق و گرفتی نێوان هاوسەران زۆرە، بۆیە من دەڵێم ئەگەر لە هاوسەرەکەم جیا ببمەوە بۆچی لە بنەڕەتدا ئەو پرۆسەیەی لەگەڵدا پێکدەهێنم، من مرۆڤێکم دەتوانم لە دەرەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەدا بژیم بۆیە ئەم پرۆسەیە پێك ناهێنم تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ویستم ببم بە باوك، هەرچەندە بە لای منەوە خۆشەویستی وەك نان و ئاو یەکێکە لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، پێموابوو خۆشەویستی بریتییە لە رازیکردنی بەرامبەر، بەڵام بۆم دەرکەوت کە ئەمەیە دەبێتە هۆکاری کوشتنی خۆشەویستی.



# دارین حەدشیتی:
# حەز دەکەم فێرە زمانی کوردی بم

لە دیمانەیەکدا کە لەگەڵ پەیامنێری گۆڤاری گوڵان لە بەیروت ئەنجامیداوە، کچە گۆرانیبێژی لوبنانی دارین حەدشیتی باس لە چەند لایەنێکی ژیانی هونەری خۆی دەکات و ئەو گرفت و ئاستەنگانەی بەم دواییە لەگەڵ کۆمپانیای رۆتانا تووشی هاتوونەتەوە، دارین بەم شێوەیە هەستی خۆی دەردەبڕێت کە یەکەم جارە بۆ راگەیاندنی کوردی قسە دەکات و دەڵێت: هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم، چونکە ئەمە یەکەم جارە دیمانە لەگەڵ گۆڤارێکی کوردی ئەنجام دەدەم، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هونەری من توانیویەتی بچێتە هەموو ماڵێك و نێو دڵی هەموو گوێگرێك.

سەبارەت بەوەی ئایا دەیەوێ کارێکی هونەری لەگەڵ هونەرمەندێکی کورد ئەنجام بدات دەڵێت: پێویست ناکات کارەکە هاوبەش بێت لەگەڵ هونەرمەندێکی کوردی، من حەز دەکەم و ئامادەم خۆم فێرە زمانی کوردی بکەم و گۆرانییەکی تایبەت پێشکەش بە هەموو گەلی کورد بکەم لە هەر شوێنێکی جیهان بێت.



# خالید ڕەشید ئەو کەسەی حاکمی نەرویج پێی وت تۆ خوێنی داڤنشیت تێدایە

دیمانە / لۆلان ئازاد

کاتێك دەڕۆیتە ناو ماڵەکەی، پڕاوپڕە لە کەلتوور و دابونەریتی کوردی و مۆزەخانەیەکی پڕە لە بەرهەمی بەنرخ، نازانی سەیری گۆزەکەی پورە تویا بکەی کە تەمەنی ٣٠٠ ساڵە یا تەسبیحی کچە یەهودیەکە کە تەمەنی ٤٠٠ ساڵە، یا سادەیی خۆی و هاوسەرەکەی و منداڵەکانی، یان تاوێ گوێ بگریت بۆ پیرە عودەکەی کە تەمەنی ٥٨ ساڵە و یەکێکە لە شاکارە گەورەکانی مامۆستای گەورەی عێراقی (محەمەد فازڵ)، یان چاوێك بەناو شیعرەکانیدا بخشێنیت تا تێربیت لەکانیاوی وشەی عەشق و نیشتمانی، یان گوێ بگریت بۆ سیناریۆ جوانەکانی. ئەوە خالید ڕەشیدە مێژوویێکە لە هونەری شێوەکاری کوردی خەرمانێك لە خۆشەویستی، ئەو کەسەیە کە حاکمی نەرویج پێی وت تۆ خوێنی داڤنشیت تێدایە.

## خۆم بە خەڵكی هەموو پارچەكانی كوردستان دەزانم

مامۆستا خالید دەڵێ: لە(١٩٦٢/٧/٢٥) لە خانەوادەیەكی خانەدانی خوێندەواری شاری سلێمانی لەدایكبووم لەسەر خاكی كەركوك، چونكە ئەوكات باوكم فەرمانبەر بوو لە كارگەی نەوتی كەركوك. من خۆم بەخەڵكی كەركوك دەزانم، چونكە لەسەر ئەو خاكە جوانە لە دایكبووم خۆشم بە خەڵكی شاری سلێمانی دەزانم، چونكە دایك و باوكم خەڵكی سلێمانین كە هەردوو شارەكە بۆ من جێگەی فەخرن، سوپاسی خوای گەورە دەكەم كە منی بە كورد خەلق كردووە و خۆشم بە خەڵكی هەر پێنج پارچەكەی كوردستان دەزانم بە قەوقاس روسیاشەوە.

خوێندنی سەرەتایی تا قۆناغی دووەمی ناوەندیم لە كەركوك تەواوكردووە، پاشان باوكم خانەنشین كراو هاتینەوە شاری سلێمانی تا قۆناغی شەشی ئامادەییم لەوێ خوێند و بەهۆی خراپی باری گوزەرانەوە رووم لەشاری بەغداد كرد، لەوێ تا شەشی ئامادەییم خوێندو پاشان چوومە كۆلێجی هونەرە جوانەكانی بەغداد و پەیكەرتاشیم كرد، جارێكی تر لە زانكۆی هونەرە جوانەكانی ئێران رەسم خوێندوە تائێستاش خاوەنی ١٦ پێشانگای تایبەت و ٣٧ پێشانگای هاوبەشم، ئیش لەسەر بەرد دەكەم وەك پەیكەرتاش لەسەر كانڤاسیش وەك رەسام، بۆ پەرەپێدانی هونەرەكەشم زۆربەی وڵاتانی دنیا گەڕاوم و زانیاریم كۆكردۆتەوە، ئێستاش مامۆستام لەپەیمانگای هونەرە جوانەكان لەشاری هەولێر، جوانترین یادگاریش لەگەشتەكانمدا سەمای قەرەجەكانە كە جەژنێكە ساڵانە لە ئیسپانیا ساز دەدرێت و لە بنەڕەتدا هی زەردەشتەكانە كە كوردن. پار ساڵیش چوومە وڵاتی نەرویج لە ئۆسلۆی پایتەخت نیشتەجێ بووم بەمەبەستی نیشاندانی كارە هونەرییەكانم و گۆڕینەوەی بیروڕا نەك جێهێشتنی خاكی پیرۆزی كوردستان، تەمەننا دەكەم لەخاكی كوردستاندا بمرم تا ئێسك و پروسكم خاكی كوردستان تۆكمە بكاتەوە.

### ئێسك و پروسكی ئەسپەكەی كاكە سوور

مامۆستا خالید دەڵێ: لەسەر پاشماوەی بڕبڕەی ئەسپەكەی باپیرەی كە بە شەش پشت دەگاتەوە من، پۆرترێتی باپیرم دروست كردۆتەوە. وەك خۆی گێڕایەوە گوایە باپیری ئەم ئەسپەی زۆر خۆشویستووە، كە مردووە وتویەتی ئێسك و پروسكی من سەگ بیخوات نابێت ئێسك و پروسكی ئەسپەكەم سەگ بیخوات. لە یەكێك لە زەویەكانی خۆیدا ناشتویەتی لەژێر دارێكی گەورەدا كە ئێستا ئەو زەوییە رەزو باخی منی لێیەو ئەسپەكانی خۆمم تیا راگرتووە، پاش بیستنەوەی ئەم چیرۆكە گەڕام بە دوای ئێسك و پروسكی ئەسپەكە تەنیا بڕبڕەی پشتیم دۆزییەوەو ئێستا كاری لەسەر دەكەم پورترێتی باپیرە گەورەكەمی لەسەر دروست دەكەم.

## دوای ٤ ساڵ، خۆشەویستی خۆم بۆ هەیفا دەربڕی

هەیفا خانی خێزانی هونەرمەند ئەویش بەهەمان شێوە هونەرمەندە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی ناوبانگێكی زۆری هەیە، لە مامۆستامان پرسی عاشقی تابلۆكانی بوی لە گەلەری یان عاشقی خۆی؟ لە وەڵامدا وتی: كە هەیفام بینی وتم ئەگەر عاشقی تابلۆكانی بم رۆژێك دادێت دەستەكانی دەلەرزن نیگار ناكێشن ئەگەر عاشقی ئەویش ببم ئەگەر رۆژێك خوانەكات بمرێت چیم لێ دێت تا چوار ساڵ ئیشم لەسەر خۆشەویستیەكەی كرد، دوای چوار ساڵ بێدەنگی ئینجا پێم وت، ئێستاش بەرهەمی خۆشەویستیەكەمان دوو منداڵی چاوگەشە، بەڵام من خۆم باوكی ١٠ منداڵم.

### ساڵح دیلان كە تابلۆكەمی بینی گریا

مامۆستا خالید دەربارەی یەكێك لە تابلۆكانی دەڵێت: ئەو تابلۆیەی كە بووە هۆی كلیلی ناوبانگ بۆ من تابلۆی (خواو بەهەشت و جەهەنەم و جنۆكەكان) بوو. بەداخەوە لەشەڕی نەگریسی برا كوژی ون بوو، ئێستاش دەستی ئەو كەسە ماچ دەكەم كە نەك تابلۆكە تەنانەت گەر وێنەی تابلۆكەم بۆبێنێتەوە. ئەو پێشانگایە خەڵكی زۆر بەناوبانگ ئامادەی بوون وەك كەریم خانی زەند و مامۆستا ساڵح دیلان كە تابلۆكەی بینی گریا، ئێستا لەگەڵ هەیفا خانی خێزانم بەنیازین بیكێشینەوە.

### دوای ٤٩ ساڵ تەمەن شەرەفی ئەوەم پێ بەخشرا كار لەسەر رۆژانی ئەزموونە گەورەكانی پێشەوای نەمر بارزانی بكەم

مامۆستا خالید هەروەها دەڵێت: خوشبەختانە كە من دیاریكراوم بۆ ئەوەی ئەزموونە گەورەكانی ژیانی بارزانی نەمر بكەم بە تابلۆ كە ئەمە شەرەفێكی زۆر گەورەیە بۆ من كە لەلایەن ئەو خانەوادە گەورەیەوە بەمن بەخشراوە. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە من پێش چوار ساڵ بڕوانامەی باشترین پۆرترێزمم لەلایەن رێكخراوی یونسكۆوە پێبەخشرا كە بریتی بوو لەمەدالیای ئاڵتون و بڕوانامە بە زمانی كوردی و فەرەنسی.

### قوتابیانی هونەر كەمێكیان دەبنە هونەرمەند

لە كۆتاییدا مامۆستا خالید رەشید دەربارەی قوتابیانی هونەرە جوانەكان دەڵێت: زۆربەی ئەو قوتابیانەی كەلە پەیمانگاو كۆلێژە هونەریەكاندا دەخوێنن تەنیا بۆ وەرگرتنی بڕوانامە هاتوون و هیچی تر و هیچ باكگراوندێكی هونەرییان نییە، ئەمەش گوناحی خۆی نییە، چونكە ئەو لە یەكەم رۆژی قوتابخانەوە وافێر دەكرێت كە ئەو رۆژەی هونەر و وەرزشی هەبوو نەڕواتەوە، چونكە گرنگ نییە ئەمەش لێرەدا كێشەكە لە پەروەردەدایە كە دەبێت كارێكی وابكات هونەر لای ئەوان خۆشەویست بكات، لەیەكەم رۆژی قوتابخانەوە وابكات كە مەنهەجی تایبەت بۆ قوتابیان دابین بكات، چونكە وانەی هونەر جیاوازی لەگەڵ وانەكانی تردا نییە و دەبێت قوتابی چۆن لە وانەكانی تردا دەكەوێت لەم وانەیەشدا وابێت.









